خولی ئینگلتەرا... مان سیتی بەدوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە ئەستەن ڤیلای بردەوە

لە خولی ئینگلتەرا مان سیتی لە دوا خولەکەکان و بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە ئەستەن ڤیلای بردەوە.

لە یاریەکانی هەفتەی 34ی خولی ئینگلتەرا، مانچستەر سیتی لە یاریگای خۆیدا میوانداری ئەستەن ڤیلای کرد.

لە تایمی یەکەم، لە خولەکی شەش بەرناردۆ سیلڤا بە گۆڵێک سیتی پێشخست، بەڵام دەخۆشیان زۆری نەخایاند و لە خولەکی 18 ئەستەن ڤیلا لە ڕێگای راشفەردەوە بە لەدانی سزا ئەنجامەکەیان یەکسان کردەوە و ئەو تایمەش بەو ئەنجامە کۆتایی پێهات.

لە تایمی دووەم، مان سیتی بە تەواوی دەستی بەسەر یاریەکەدا گرت، لە هەوڵدانیش کۆیان نەدا تا لەخولەکی چواری کاتی زیادکراو لە ڕێگای نونەسەوە گۆڵی دووەم و بردنەوەیان تەمارکرد.

بەو ئەنجامەش خاڵەکانی سیتی بوون بە 61 خاڵ بە شەوێکی کاتی چوونە پلەی سێیەم، ئەستەن ڤیلاش 57 خاڵی هەیە لە پلەی حەوتەم.